# ئەحمەدی شاملو
# لە زمان خۆیەوە



من دەستم گەیشتۆتە شیعرو حەزدەکەم تۆزی کێش و سەروا ڕوونایی شیعرم لێل نەکا.
گۆزە هەڵبەت دەکرێ زۆر گرانبەها بێ، بەڵام من تینوێتیم بە ئاو نەبێ ناشکێ،ئەوانەی بیر لەنەقش و نیگاری گۆزە دەکەنەوە تینوو نین ، یان گۆزە فرۆشن یان لاسای تینوان دەکەنەوە.
شیعر هەمیشە "نایە".ئێمە ماڵمان لە وڵاتێکە کە هەوران تەنیا جاروبار دەباران – بۆیە هەتا هەورێک دەگرمێنێ دەستبەجێ سەتڵ و تەشت و هەرشتێکی ترمان لە بەردەست بێ دەیبەینە بەر باران.
زیاتر مەلەی نێو کانیاوی زولاڵم پێ خۆشە هەتا خۆ شۆردنی حەمامی دەوڵەمەندانەی بە حەوزی چینی و لوولەی زیو.
کۆیلەفرۆش نیم هەتا کەنیزەکان بڕازێنمەوە بۆ ئەوەی  دڵبەری بکەن و سەرنجی عاشقان ببزوێنن،من ئەو عآشقەم کە بە دڵداری خۆم گویشتووم ،چاوم لە گوارە و نیمتاجی سەر زوڵف و ئەگریجەی نیە،چاوم لە جل و بەرگی زێو دۆزی نیە، جل و بەرگی فڕی دەدەم و لەشی گەرمی لە باوەش دەگرم،دەشڵێم  ئەی خۆزگە سورایی لێوی دڵدارەکەم "ڕەنگ"ی لێ نەنیشتبێ گەردنی  بە بێ ملوانکە وبەرموور جوان بێ گویی بەبێ گوارە و لەشی بەبێ  بەرگی دەستکردی وەستای ناشارەزا،
بەڵام هەندێک  کەسان هەن ئەوەم لێ بە عەیب دەگرن،با هەر لێرە بڵێم بە تەمای بە دەست هێنانی دڵی ئەو کەسانە نیم،
هەر شتێک دیارە بۆ خوازیاری خۆی چاکە،
بەڵام بەڕاستی ئەوەش قسەیە دەیکەن  ؟
ئەوانە دەڵێن لە بەر دڵی کابرای گەوجە دڵتەری دراوسێم کە حەز بە کچی قەڵە و سپی و سۆڵ دەکا،کچە باریکەلە و ئەندام شوشەکەی خۆم ناچارکەم خۆی قەڵەو بکات ؟
لە حاڵێکدا پێم خۆشە کابرای دراوسێم لە حەوت جێوە شەق بەرێ؟

نمونەیەک لە شیعرەکانی (ئەحمەدی شاملو)

# شەو درەنگان

بۆ خانمی آنگلا بارانی

شەو درەنگان
ئەوکاتانەی جۆگەی زیوینی مانگە شەو
دەشتی بەرین دەکاتەوە بە دەریاچە
من ئەوکاتە بایەوانی گەمی بیرم لە بەریانی با هەڵدەکەم

شەو درەنگان
ئەوکاتەنەی قامیشەڵانی گۆمی قووڵ
کپ و بێدەنگ و خامۆشە
من ئومێدی داگیرساوی پڕشنگدارم دەکەم بە سروود
شەو درەنگان
ئەوکاتانەی کەسێک دەنگی بێ هومێدی هەڵدەبڕێ
لە ڕێگەی دوور چاوم لێیە
کە خۆرەتاو لێوی گەرمی دەنێتە سەر بانی ماڵی دراوسێکەم
ماچی دەکا
شەو درەنگان
ئەو کاتانەی خەم دەخزێتە نێو پێستی باخ
من گوێم لێ یە:
کۆخەکۆخی مەرگ ئەبیەم لە ناڵینی زنجیرەکانی دەستم دا
کە دادەڕزێن.

********　　　　********　　　　*********

# با پێت بڵێم

جێی هیچی تر نابێتەوە
دڵت لیواو لێوی خەمە
ئاسمانە بەرزەکانت وەک جاران شینایيە گەرمەکەیان دیار نیە.
لە بن ئاسمانێکی بێ ڕەنگی خۆڵەمێشیدا دەژی
لە خاکی تۆ ،ڕێژنە باران کە دادەکا
سیمای عیشقت پەڵە پەڵە گڕوێ دەبێ
باڵندەکانی تۆ هەموو تێکڕا مردوون
لە دەشتێکی بێ سێبەرو بێ باڵندە قەتیس ماوی
لە جێگایەک کە گیاو گوڵ و سەوزەڵانی لە سوێی سروودی باڵندە
خەریکە دەبنە خۆڵەمێش .

******　　　******　　　******

جێی هیچی تر نابێتەوە
دڵت لیواو لێو خەمە
خودای هەموو ئاسمانە بەرزەکانت
کەوتوونەتە سەر خاکی ڕەش

وەک منداڵێک
تاق و تەنیاو بێ پەنای تۆ
لە ترسانا پێدەکەنی و
غرورێکی ساویلکانە ڕێگا لە گریانت دەگرێ.

بۆ وات لێ هات ؟
ئینسانەکەی جارانی خۆت بۆ والێکرد ؟
ئەو ئینسانەی خۆشم دەویست
وەئێستاکەش خۆشم دەوێ.
تادوێنێ شان بەشانی ژین
تۆ لە هەموو شەڕەکاندا شەڕت کردبوو
تۆ نەفرینی هیچ خودایەک نەیدەتوانی کارت تێ بکا
وە ئێستاکە سڕ و داماو
من بەرانبەر بە تەنیای
دەبەزێنی.
ئایا بەڕاست تۆ دیمەنێکی هەرەڕوون لە چارەنوسی دەسکردی
ئینسانەکانی ئەم چەرخەی ؟
ئەو ئینسانانەی کە من خۆشم دەویستن
وە ئێستاکەش خۆشم دەوێن

****** ****** ******

جێی هیچی تر نابێتەوە
دڵت لێواو لێو خەمە.

تۆ دەترسێ
با پێت بڵێم
تۆ لە مان و ژیان دەترسێی
لە مردن زیاتر لە ژیان
لە عیشق زیاتر لە هەردووکیان
تۆ دەترسێی
چاو لە تاریکایی دەکەی
لە ترسانا هەڵدەلەرزی و
منت لە بیر دەچێتەوە
کە لە پەنا دەستی خۆتم
منت
لە بیر
دەچێتەوە.